# ئەدی کێ گوناهبارە؟

**ئەمجەد شاکەلی**

ڕۆژی سێشەممە 8-10-2002 لە سلێمانی، پەرلەمانی کوردستان بە هەرسێ ڕەنگەکانییەوە (زەرد، کەسک، مۆر) و بە تەواوی ئەندامانییەوە کۆ بووەوە. لەو جڤینەدا دوای سەرۆکی پەرلەمان و جەلال تاڵەبانی، مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستان قسەی کرد. لە نێو قسەکانیدا گوتی:"نامەوێ بە خەیاڵیش بۆ ئەو کاتە ناخۆشە بگەڕێمەوە هی شەڕی ناوخۆ، بەڵام ئەگەر دادگایەکی عادیلانە بکرێ، هەرچەندە ئێمە لە مەسئولیەت ڕانەکەین، بەڵام باوەڕ بکەن بێ گوناهترین کەس ئێمە ئەو دوو کەسە<مەبەستی خۆی و تاڵەبانییە-شاکەلی> دەردەچین"[1]. بارزانی، کە نایەوێ بە خەیاڵیش بۆ ئەو کاتەی شەڕی ناوخۆ بگەڕێتەوە، ئەوە مافی خۆیەتی، بەڵام کە ئەو و تاڵەبانی بێگوناهترین کەس بن لە شەڕی ناوخۆدا ئەمەیان هەم وانییە و هەمیش دەبێ خەڵکی کورد و کوردستانییان، ئەو حوکمە بدەن، نەک ئەوان بۆ خۆیان. شەڕی ناوخۆ و شەڕی نێوان پارتیی و یەکیەتیی، شەڕی نێوان دوو دەسەڵات و دوو لەشکر و دوو هێزی چەکدار بووە و دەیان هەزار مرۆڤی تێدا کوژراوە[2]. سەرانی پارتیی و یەکیەتیی ناتوانن هەروا بە سووک و سانایی خۆیان بێگوناە دەرکەن. خەڵکانێک کە سەرپەرشتیی کارگەیەک یا دەسگەیەکی بەرهەمهێنانیش دەکەن، ئەگەر بەرهەم و کارەکەیان باش نەڕوات و بەپێی بەڵێن و بەرنامەگەلێکی داڕێژراو ئەنجام نەدرێت، بێ سێودوو دەست لە کار دەکێشنەوە و بۆ کەسێکی دیکەی شیاو و توانای بەجێی دەهێڵن. ئەوە خەڵکە و ئەوە گەلە، کە دەبێ لە ڕێگەی کۆمیتەیەکی بێلایەنی تەواو بێلایەنەوە، لە هەر کەسیش پێک دێت با بێت، بڕیاری بێگوناهیی سەرانی کورد بدات. من پێش هەر شتێک لە بارزانی دەپرسم ئەگەر وایە و ئەوان<خۆی و تاڵەبانی> چ تاوان و بەرپرسییەکیان لە شەڕی ناوخۆدا نییە، ئیدی بۆچی لە کاتی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان، بە تەواوی ئەندامان و هەموو ڕەنگەکانییەوە لە هەولێر، لە ڕۆژی 4-10-2002دا و، لەبەردەم ئەو هەموو ئامادەبووانەدا، بەم شێوەیە : "داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان دەکەم. داوای لێبوردن لە کەس و کاری قوربانیەکانی شەڕی ناوخۆ دەکەم. لە غەیری داوای لێبوردن شتێکی ترمان نییە بیلێین. بمان بوورن گەورەیی خۆیانە نەشمان بوورن ئەمە ملی ئێمە و ئەوە چەقۆی ئەم میللەتە"[3] داوای لێبوردنی لە گەلی کوردستان کرد!. داوای لێبوردن گەورەییە، لێ مرۆڤی تاوانبار یا کەسێک، کە هەڵەیەکی کردبێت یا کارێکی نابەجێ و چەوتییەکی لەهەمبەر خەڵک ئەنجام دابێت، داوای لێبوردن دەکات. داوای لێبوردن، دانپیانانە بە کردن و ئەنجامدانی هەڵە و تاوان و کارێکی نەباشدا. ئەگەر بارزانی هەست بە هەڵە و تاوان و چەوتی ناکات بەرانبەر بە گەلی کوردستان، ئیدی بۆ داوای لێبوردنیان لێ دەکات و ملی خۆی دەخاتە بەر چەقۆی میللەت؟ بارزانی بۆ خۆیشی چاک دەزانێت، کە میللەت بەرانبەر ئەوان، وەک دەسەڵاتدار و سەرکردە، نەک هەر ناتوانێت و ناوێرێت چەقۆیان بە ملدا بهێنێت، بەڵکە کە دەریش دەکەون، چەپڵەیان بۆ لێدەدات و بەرزەپێیش لەبەردەمیاندا قیت ڕادەوەستێ. میللەتی بەدبەخت لەبەر مەراییکار و خۆبەرەپێشەوە و ماستاوساردکەرەوە و هەلپەرست، کوا دەنگی دەگاتە سەرکردەکانی خۆی!. میللەت لەبەر پاسەوان و پرسگە و پشکنین، لەکوێ دەتوانێت بگاتە دامێنی تەلار و جێژیانی بارزانی و تاڵەبانی و سەرانی دیکەی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە، لە سەریرەش و قەلاچوالان. میللەت لەیەکسانی و ئازادیدا دەتوانێت قسەی خۆی بکات. جڤاکی نایەکسان، دەستەمۆیی دەئافرێنێت. بارزانی کە لە هەولێر ئەو قسەیەی کرد، نەدەبوو لە سلێمانی خۆی و تاڵەبانی بە بێگوناە و بێتاوان دەربکات و نەدەبوو لە سلێمانی ئەو قسەیە بکات. یان بەپێچەوانەوە، لە هەولێر ئەو داوای لێبوردنەی نەکردایە و تەنێ لە سلێمانی ئەوەی

---

[1] کەنالی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی "کوردسات" 8-10-2002 و کوردستانی نوێ، ژمارە 2884، چوارشەممە 9-10-2002.

[2] دەنا چ جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژی لە گۆڕێدا نییە و دەکرا و دەکرێت لە چواچێوەی یەک حیزبیشدا کاریان کردبا و کار بکەن و ئەم هەموو گۆبەندەیان بە خەڵکی کورد نەگێڕابا.

[3] کەنالی تەلەڤزیونی ئاسمانیی "کوردستان تیڤی" 4-10-2002 و برایەتی، ژمارە 3808، شەممە 5-10-2002.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:47

گوتبا، کە ئەوان<خۆی و تاڵەبانی> بێگوناهن. داوای لێبوردن لەچی و بێتاوانیی لەچی!. ڕەنگە ئەگەر "دادگەیەکی ناعادیلانە" دابنرێت بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگی ناوخۆ، ئەوەدەمی بارزانی و تاڵەبانی، بێگوناە دەرچن، دەنا ئەگەر دادوەرانە دیرۆکی ئەو جەنگە بخوێنرێتەوە، هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت بەوە باوەڕ بکات، کە بارزانی و تاڵەبانی لە شەڕی ناوخۆدا بێگوناە بن، لە سۆنگەی ئەوەوە، کە ئەوان هەردووکیان سەرۆک و ڕێبەری پارتییەکانی خۆیانن (پارتیی و یەکیەتیی) . نەک تەنێ لە کوردستاندا، بەڵکە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، کێ هەیە لە قسەی سەرۆکی حیزب و ڕێبەری حوکوومەت و دەوڵەت بتوانێ دەرچێت و بەرانبەریان بڵێ لەل؟ مەگەر هەموو شتێک بە ئاگاداریی و لەسەر بڕیاری ئەو سەرۆک حیزب و خاوەن دەسەڵاتانە ناکرێت و ئەنجام نادرێت. سەرباری ئەوەش –وەک تەواوی وڵاتانی تۆتالیتێر و دیکتاتۆری- ئەوان بۆ خۆیان فەرماندەی تەواوی هێزی چەکداری حیزبەکانی خۆیانن. جاڕدانی جەنگ و ئاشتی و، لەبەینبردن و کوشتنی خەڵک و، تەواوی کارگەلێکی لەو جۆرە، لە لەتە کوردستانەکەی بندەستی ئەواندا، بە ئاگایی و پێزانینی بارزانی و تاڵەبانی ئەنجامدراوە و دەدرێت. ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی لە شەڕی نێوخۆدا بێگوناهترین کەس بن، دەی گوناهبارترین کەس دەبێ کێ بێت؟ تۆ بڵێی گەلی کوردستان، میللەت، خەڵک، مرۆڤی ئاسایی، ژن، زارۆک، هەژار و نەدار و چەوساوەی کوردی هەمیشە خەپێنراو، شەڕکەر و شەڕخواز و ئاگری شەڕ خۆشکەر بووبن؟ تۆ بڵێی حەمە و ئەختەر و جەزا و خولە و زرار و مەغدید و حەمەد و عەگید و فاتم و عەیشێ و. . . لەو شەڕەدا تاوانبار و بەرپرس بن و ئەوان بن، کە ئاگری ئەو شەڕەیان هەڵگیرساندبێت؟ ئەگەر بارزانی، کە تەمەنی لە تەمەنی تاڵەبانی کەمترە و هێندەی ئەویش سیاسەتی نەکردووە، داکۆکیی لە خۆی دەکات، ئەوەیان مافی خۆیەتی، وەلێ تاڵەبانییەک، کە لە 1964ەوە – بارزانی، "ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تفلی دەبستان بوو"[4] و هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی پێگەیشتن و ڕەسین"سن الرشد"[5]– و وەک شاگردێکی گوێڕایەڵی مامۆستای شەڕی نێوخۆ و دووبەرەکی، ئیبراهیم ئەحمەد، کە بارزانی بۆ خۆی بە"مامۆستای کەرتکردن و جاشایەتی لە نێو ڕووناکبیراندا"[6] نێوی دەبات، بە کردەوە ڕێبەرایەتی دەستەیەک دەکات، کە تاکە هۆیەک بۆ درووستبوونی و تاکە خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەندامەکانیدا، سازکردنی شەڕی ناوخۆ و نەهێشتن و قڕکردنی ماڵی بارزانییە، ئەمەیان جێی گومانە یا ڕەنگە موجامەلەیەکی زیاد لە پێویستی تاڵەبانی بێت. تاڵەبانی لە کردنەوەی پەرلەماندا لە هەولێر لە 4-10-2002دا، کە زۆر تامەزرۆی قسە بوو گوتی، کە زۆر لەمێژە لەو پەرلەمانەدا قسەی نەکردووە، گوتەکەی بە تۆپەڵێک خۆزگە کۆتایی پێهێنا. "خۆزگەکانی. . . " وا باسی شەڕی ناوخۆ و خۆکوژی دەکات، وەک ئەوەی، کە خەڵکی دیکە کردبێتیان و هەڵیانگیرساندبێ و "نەفیرعامیان" دەرکردبێ و ئەو بۆ خۆی تێیکەوتبێ. ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی ژیانی سیاسیی تاڵەبانی، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو بۆ خۆی ڕێبەری شەڕی براکوژی و خۆکوژیی بووە و ساڵانێکە لەو بوارەدا هەموو جۆرە ڕێگەیەکی تاقیکردووەتەوە. ساڵانێکە شەڕی براکوژی و خۆکوژی دەخاتە قاڵبی ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەوە و، بە هەموو شێوەیەک پاساوی بۆ دەدۆزێتەوە و، هەموو شێوە بەدەوکارییەکی تێدا دەئەزموونێ. ساڵانێکە مێشکی هەزاران لاو دەشواتەوە و بە دژایەتیکردنی نێوی بارزانی مێشکیان دەئاخنێ و پەروەردەیان دەکات و ئامادەیان دەکات بۆ لەنێوبردنی ئەو بنەماڵەیە. مەگەر، عومەر دەببابە و عەلی عەسکەری و مەلا ماتۆڕ و نەوشیروان مستەفا و مەلا بەختیار و جەبار فەرمان و کۆسرەت ڕەسووڵ و. . . قارەمانانی ئەو ڕێبازەی تاڵەبانی نەبوون و نین! ئەوانە و

---

[4] نیوە بەیتە شیعرێکی شێخی شاعیرانە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی مەزن، کە دەڵێ:"کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد (ڕەزا) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تفلی دەبستان بوو". بنۆڕە: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و چاپکردنی عەلی تاڵەبانی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا 1946، ل35.

[5] مەسعوود بارزانی، کە لەدایک بووی "ئابی 1946 "ە، لە مارسی 1964دا، کە تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد، لە پارتیی دیموکراتی کوردستان جیا بوونەوە و دژی بارزانی(باوک) کەوتنە کار، هێشتا 18 ساڵیی، کە ئیدی مرۆڤ دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن و ڕەسینی قانوونی، پڕ نەکردبووەوە.

[6] البارزاني، مسعود، البارزاني والحركةالتحرريةالكردية، الجزء الثالث، ثورةايلول 1961-1975، دار ئاراس، هەولێر2002، ص166.

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:47

زۆری دیکەش، هەموو سەرباز و پێشەوا و ئەندازیارانی شەڕی براکوژین و بوون. تاڵەبانی کە خۆزگە دەخوازێت بەوەی، کە شەڕی براکوژی نەبووایە، دەی بۆ کردی؟ خۆ ئەو خۆی دەستی بەو شەڕە کرد و خۆی دایمەزراند. ئەگەر بارزانی پرس و ڕاوێژێک بە دەوروبەری خۆی دەکات، ئەوا تاڵەبانی بە تاکڕەوی و ڕایخۆسەپاندن بە سەر هەڤاڵەکانی خۆیدا بە ناوبانگە. تاڵەبانی خۆی بوو، کە سالانی 1966و دواتر پێشی لەشکری عیراق دەکەوت و شەڕی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشی کوردی دەکرد. ئەو بوو دژی نەک مەسعوود بارزانی، بەڵکە دژی باوکی وی (مەلامستەفا) ، کە نەتەنێ سەرۆکی پارتیی و باشووری کوردستان بوو، بەڵکە سەرۆکی هەموو کورد بوو، ڕابوو و شوولیی لێ هەڵکێشا و بە بەکرێگیراو و چۆمبی و خێڵ و هەزارویەک ناو و ناتۆرەی دزێو ناودێری کرد. خۆ تەنێ پارتیی و ماڵی بارزانی، نیشانی تیری تاڵەبانی و دەستەکەی نەبوونە، لە ماوەی ئەم چەندین ساڵەدا، بەڵکە لەوپەڕی چەپ و کۆمۆنیستەوە تا دەگاتە ئیسلامی و کۆنەپارێز و سۆسیالیست و گەل و پاسۆک و نەتەوەیی و پەکەکە و ناتەوەییەوە، بە کۆمەڵ و دەستە و تاکەوە، تووشی شەڕ لەگەڵ ئەواندا هاتوون و بەدەستی ئەوان ئەنگێوراون و بریندار کراون. لە پیرەژنێکی هەولێری دەگێڕنەوە، کە کاتێک شەڕ هەڵدەگیرسایەوە، دەیگوت:"ئەوە دیسان یەکیەتیی لەگەڵ کێ بەشەڕ دێ؟". ئەوە دیتنی مرۆڤێکی ئاسایی کوردە، لەمەڕ شەڕخوازی تاڵەبانی و یەکیەتییەکەی. تاڵەبانی و دەستەی تاڵەبانی شایستەی ئەوەن، کە نازناوی "کونەپەپووی شەڕ"یان بدرێتێ، لەبری ئەو هەموو خزمەتەی بە فەرهەنگیی شەڕی براکوژی و نێوخۆیان کردووە. ئەنجومەنە نیشتمانییەکەی، کە تاڵەبانی خۆزگە دەخوازێ بەوەی، دوو پارچە نەبووایە، خۆی کردی بە دوو پارچەوە. مەگەر خۆی نەبوو تەلاری پەرلەمانی هەولێری تۆپباران کرد و سووتاندی؟ مەگەر خۆی نەبوو ئەندامانی پارتیی نێو پەرلەمانی ڕاونا و لە هەولێر وەدەرنا و پەرلەمانی کرد بە دوو کەرتەوە؟ مەگەر خۆی نەبوو پەرلەمانی نەهێشت و کوودێتای بە سەر حوکوومەتی هەولێر و لە پەرلەماندا کرد؟ ئەو کۆبوونەوەی، کە دەکرا پێش چەندین ساڵ کرابا، هەر ئەو بۆ خۆی نەیدەکرد و ئەو بۆ خۆی لێی یاخی بووبوو. تاڵەبانی ئەگەر دەستی بڕوات، دان بەکەسدا نانێت. کە لاواز و بێدەسەلاتیش بێت، وەک کەسانی نێزیکی خۆی لێی دەگێڕنەوە، دەگری و قژی خۆی دەڕنێ و ئامادەی هەموو جۆرە سازشکارییەکە و، دەست لە سەر سینگ لەبەردەم نەیارەکەیدا ڕادەوەستێ و خۆ بە هەموو شێوەیەک دەداتە دەستەوە. لەتکردنی حوکوومەتیش تاڵەبانی هەر بۆ خۆی کردی. ئەو بوو پارتیی لە پیرمام و سەری ڕەش توند کردبوو و ئەوان بوون دەیانگوت: مەسعوود بارزانی، دەبێ لە سەری ڕەشەوە بە دووربین تەماشای هەولێر بکات!. ئەو و دەستەکەی وی بوون، نێوی "سەری ڕەش"یان گۆڕیبوو بۆ "سەری سوور"، وەک گاڵتە پێکردنێک بە جامانەی سووری بارزانییان. لەتکردنی حوکوومەت لە لایەن تاڵەبانییەوە لە ئەنجامی قایلنەبوونی بە 49% ی دەنگی خەڵکەوە بوو، کە وەریان گرتبوو لە هەڵبژاردنی 1992دا. 49%ی دەنگ، بەپێی دیموکراتی پەرلەمانیی، کە ئەوان بۆ خۆیان دوای سالانێکی زۆری بازرگانیی بە چەپایەتی و مارکسایەتییەوە، ئێستا باوەڕیان پێیەتی، دەکاتە کەمینە. لە چ جێیەک، لە چ ولاتێک، لەنێو چ گەلێکی ئەم جیهانەدا، بووە و ڕوویداوە، کە کەمینەش حوکوومەت بۆ خۆی دروست بکات؟ ئەگەر هاتبا و بەپێی تیۆری و مۆدێلی تاڵەبانی و یەکیەتیی بووایە لە شێوەی فەرمانڕەوایی و دەسەلاتدا، دەبوو ئەورۆ لە نێو هەر دەوڵەتێکی ئەو دنیایەدا دوو حوکوومەت هەبووایە. یەکێکی زۆرینە و یەکێکی کەمینە!. ئەو کارەی تاڵەبانی و قوتکردنەوەی حوکوومەتی کەمینەی سلێمانی و مانەوەیشی تا ئێستا، دوای یەکخستنەوەی پەرلەمانی کورد، کارێکی پێشەنگە لە زانستی سیاسەت و دەسەلاتدا و مەگەر تەنێ لە تاڵەبانی و یەکیەتیی بوەشێتەوە!. لە 1994ەوە، کە شەڕی نێوخۆی نێوان پارتیی و یەکیەتی دەستی پێکردەوە و تا ڕاگرتنی- بە قسەی ئەوانەی کە لە دەسگەکانی ئەو حیزبانەوە نێزیکن- 9630 کەس لە نێواندا کوژراون. ئەمە تەنێ ژمارەیەکە، هی ئەم سالانەی دواییە. ئەگەر لە 1964ەوە ژمارەی کوژراوانی شەڕی نێوخۆ بژمێردرێن، ڕەنگە بگاتە بیست سی- خوا دەزانێ زیاتریش- ئەوەندەی ئەو ژمارەیە. ئەمە بێجگە لە سووتاندنی گوندان، کوشتنی خەڵکی بێتاوان و ناچەکدار، وێرانکردنی خانوو و لەنێوبردنی ئاژەڵ، کوێر و شەل و کەڕ و لاڵ و سەقەتکردنی هەزاران مرۆڤ و. . .

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:47

هەزاران جۆری دیکەی تاوان، کە ئەو دوو حیزبە ئەنجامیان داوە. ساڵی 1971، دوای حەفت هەشت ساڵان کوردکوژی و خزمەتی نەیارانی کورد، تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد، حیزب و هێزە چەکدارییەکەیان هەڵوەشاندەوە و، بارزانی بە گەورەیی و دووربینی و سینگفرەوانی خۆی، بەخشینی و لێیان بوورا و بەرەوباوان و تێکەڵی پارتیی کردنەوە. ساڵی 1987، بە تۆبزیی و فەرمانی ئێرانی ئیسلامی، پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان (ئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانی) ، پێکهاتنی ئاشتییان مۆر کرد و شەڕی نێوانیان ڕاگرت و لاپەڕەی نوێیان هەڵدایەوە. ئێستاش هەرچەندە بۆ خۆیان باسی هەوڵ و کۆششی مامۆستا عەزیز موحەممەد و خەڵکانێکی دیکە دەکەن، لە چێکردنی ئاشتیدا، وەلێ پێویستی و لاوازی و بێدەسەلاتیی خۆیان بەرانبەر ڕووداوە مەزنەکان و دۆزی عیراق و هەڵوێستی دەوڵەتانی دەوروبەر و ئەمەریکا- بێجگە لەوەی کە ڕەنگە چاویشیان لێ سوور کرابێتەوە - ئەم ئاشتی و یەکخستنی پەرلەمان و بەزمەی بە سەریاندا سەپاند، دەنا مامۆستا عەزیز موحەممەد و هەر سی چل میلیۆن کوردەکەش چەندی هاواریان کردبا و ئاشتییان ویستبا –وەک کە هەمیشەکردوویانە- ئەوان خۆیان لێ کەڕ دەکردن و نەیاندەژنەفت. ئەوان بڕیاری شەڕ و ئاشتیی، ئەگەر بڕێکی، بە دەستی خۆیان بێت، ئەوا زۆرینەی بە دەستی خۆیان نییە و، پێیان دەکرێ. دەستەی تاڵەبانی، نە 1971، نە 1987، نە 2002، لە بەر خەڵکی کورد و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کورد و پاراستنی کورد و یەکیەتی کورد، ئاشتییان چێ نەکردووە، بەڵکە لەبەر مانەوەی خۆیان و بەرژەوەندی خۆیان، وەک سەرکردە و دەسەڵات و حیزب، وەها کارێکیان کردووە. ئاشتییەکەی 1971، بارزانی کردی، دەنا ئەگەر دەستەی تاڵەبانی سەرکەوتبان و دەسەلاتیان گرتبایەتە دەست و، لەجێی بارزانی بووایەن، گۆمی خوێنیان ساز دەکرد و نیوەی کوردیان کەوڵ دەکرد. ئەم پەرلەمانەی هەولێر، کە ئێستاکە تاڵەبانی و شاگردەکانی تێی دەچنەوە و سوێند بە قورئان و شەرەف و نیشتمان دەخۆن، کە بیپارێزن و خیانەتی لێ نەکەن، هەر ئەو پەرلەمانەیە، کە بۆ خۆیان تێکیان دا و دایانە بەر تۆپ و فیشەک و سووتاندیان. ئەم پەرلەمانە هەر ئەو پەرلەمانەیە، کە پارتیی 51% و یەکیەتیی 49% دەنگی خەڵکی تێیدا هێنابووە و ئەوان (یەکیەتیی) خۆیان بە غەدرلێکراو دەزانی و ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەیان پێ باش و ڕاست نەبوو و شەڕیان هەڵبژارد و شەڕی نێوخۆی 1994یان لە سەری بەرپا کرد. ئەوی ئێستا پێی ڕازین، ئەوسا پێی ڕازیی بووایەن، شەڕی ناوخۆ نەدەقەوما و ئەم ئاشتبوونەوەیەیشی نەدەویست. هەردوو سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە و خەڵکانی سەر بەو دوو حیزبە، لە گەورەترین کەسیانەوە تا دەگاتە نزمترین و بچووکترین کەسیان، لە مەزنترین بەرپرسیانەوە تا دەگاتە گچکەترین چەکداریان، دەبوو یەکبەیەک داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن. دەبوو ئەوڕۆ دادگەیەک بۆ تەواوی بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە دابنرێت و، هەموو بدرێنە دادگەی گەل. ئەوان چۆن لە ڕوویان دێت بنۆڕنە چاوانی مندالان و ژنان و دایکان و باوکانی کوژراوەکانی شەڕی نێوخۆی خۆیان؟ ئەوان چۆن دەتوانن بەرسقی هەزاران پرسیاری ئەو خەڵکانە بدەنەوە؟ ئایا ئەوان دەتوانن گیان بکەن بە بەر تاکە یەک کەسیش لەو کوژراوانەی خۆیاندا؟ کە ئاشتیی دەکەن خۆیان دەیکەن، کە شەڕیش دەکەن هەر خۆیان دەیکەن و هەرگیز نە پرسیان بە گەل کردووە و نە حیسابێکیشیان بۆ کردووە. گەل دادگەی بۆیان دانەناوە، چونکە گەل هەمیشە "هیچ بە دەست" بووە، کە گەل ئەوەی نەکردووە، ئەوان بۆ ئەو باسە دەورووژێنن؟ شەڕی ناوخۆ لە ئەستۆی ئەواندایە نەک خەڵکی ئاسایی کورد. ئەوانن کە شەڕیان دەکرد دووجاران داوای چەپڵەیان لە کورد دەکرد، هەریەکەو بۆ خۆی. ئەوانن کە ئاشتیی دەکەن داوای چەپڵە لە کورد دەکەن. ئەوانن ئەوەی لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، چەپڵەی بۆ لێنەدابان، بە تاوانکار و لایەنگری نەیارانی کورد و لایەنگری لایەکەی دیکەیان دەدایە قەڵەم. ئەوان بە هەزاران زارۆکیان بێ باوک وهەزاران ژنیان بێ مێرد و هەزاران دایکیان بێ کوڕ و هەزاران خوشکیان بێ برا کرد. ئەوان و لە هەموانیش زیاتر تاڵەبانی –کە بەرپرسی سەرەکیی شەڕی نێوخۆیە- دەبوو شەرم لە خۆیان

www.kurdistannet.org
19/07/2003 23:47

بکەن. ئەگەر کەسێکی دیکە لە جێی تاڵەبانی بووایە، دوای ئەو هەموو وێستگانەی تێکشکان و دۆڕانانە، دەبوو جارێکی دیکە توخنی سیاسەت نەکەوتبا و کوردستانیشی بەجێ هێشتبا[7]. ئەم سەرانە ئەگەر سەری کورد نەبوونایە، خۆیان دەکوشت، بەڵام خوێنی کورد هەرزانە. هەموو کەس دەزانێت جەنگ، لەنێوبردنی مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک، ژیان و ڕووخاندن و سووتاندن و وێرانکردن و تێکدانی خاک و ژینگە و شارستانییەت و بەرهەم و بوونە. بڕوا ناکەم کەسێکی مێشکساغ و هۆشدار و بە ئاوەز لەم جیهانەدا هەبێت، حەزی لە شەڕ بێت، ئەگەر جەنگەکە دژ بە دەسەڵاتی داگیرکار و ستەمکاران. جەنگ لەپێناوی داد و مرۆڤدا –حوسەین دژی یەزید، گیڤارا دژی ئیمپریالیزم، فەلەستینی دژی ئیسرائیل، کورد دژی داگیرکارانی و. . . – نەبێت. ئێمەی کورد، ساڵانێکە گیرۆدەی جەنگین. جەنگیی دەرەکی و جەنگیی ناوەکی. ئەوەی لە نێو کورددا، لە هەموو کەس زیاتر لەو جەنگانەدا، نەمازە جەنگی کورد–کورد، زیانمەند بووە، مرۆڤی ئاسایی کورد بووە. ژن و زارۆک و نەدار و هەژاری کورد، بە پلەی یەکەم و مەسەلەمیللییەکەیشی بە پلەی دووەم. ئەوەی لە نێو کورددا، لە هەموو کەس سوودمەندترە لە ئاشتیی، ژن و زارۆک و نەدار و هەژاری کوردە. ئاشتیی مزگێنی ژیان و دواڕۆژێکی باشتر بە خەڵکی کورد دەبەخشێت. هەرچەندە ئاشتی و سازکردنی ئاشتی، ئەرێتییەک لە دیتن و هەڵوێستەکاندا، پێشان دەدات و دێنێتە گۆڕێ، وەلێ قارەمانییەتی و خاڵێک نییە، کە سازکارانی نمرەی پێ وەرگرن. شەڕنەکردن، خاڵێکە نمرەی پێ وەردەگیرێت. ئاشتیی وەک فەلسەفە، ڕێسا، قانوون و سروشت، گەرەکە ئاسایی بێت و جەنگ نائاسایی. ئەوی ئاشتیی ساز دەکات، پێویست ناکات چەپڵە و هەڵهەڵەی بۆ لێبدرێ و دەستخۆشیی لێبکرێ. ئەوی شەڕ ناکات و خۆی دەگرێ و هۆشمەندانە ڕەوتار و هەڵسوکەوت دەکات و لەخۆبوردوویی و بەخشندەیی دەنوێنێ، ئەوە، کە شایستەی چەپڵە و دەستخۆشیلێکردنە. خەڵکی کورد دژی جەنگ بووە و سەرانی کورد بۆ خۆیان، جەنگخواز بوونە و داوایان لە خەڵک کردووە، کەوەدوویان کەون و شاباشیان بۆ بکەن. ئەوانن، نەک خەڵکی کورد، کە دەبێ ئێستاکە مێشکی قورمیشکراوی دەیان هەزار لایەنگرانی خۆیان، لە وشە و ڕستە و دەستەواژەگەلێک، کە لەهەمبەر یەکدیدا و بۆ سڕینەوەی یەکدی، بەکاریان دەبرد، پاکژ کەنەوە و بسڕنەوە–کە پێم وانییە هێندە هاسان بێت– و وشە و دەستەواژەگەلێکی نوێ دەومێشکانە بئاخنن. ئەوەی کە یەکجار زۆر بە لای منەوە سەیرە، هەڵوێستی خەڵکانی خۆ بە ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرزانی کوردە، کە دەستخۆشی و پیرۆزبایی، لە هەردوو سەرکردەی پارتیی و یەکیەتیی دەکەن و ئەم یەکبوونەیان، بە گاڤێکی بوێرانە و کوردانە و نیشتمانییانە و دەیان شتانەی دیکە دەدەنە قەڵەم و باسی لێوە دەکەن و دەنرخێنن. زۆرینەیەکی ئەو جۆرە خەڵکانە، لە مێژووی چل ساڵەی کوردکوشتنەکەی ئەو دوو بەرە بابەدا، بۆ خۆیان بەشێک بوون لە ئاگرخۆشکەرانی جەنگەکە و بۆ خۆیان یەک لەو دوو لایەیان هەڵبژاردبوو و لە سەنگەری یەکێک لەوانەوە، لایەکەی دیکەیان دزێو دەکرد و بە شەیتان و بەڵا و خراپە و دزێویان دەناساند. ئەم بابەتە ڕووناکبیرانە لە شەڕ و لە ئاشتیدا، دەستخۆشیکردنیان کردووە بە پیشە و پێوەی دەلەوەڕێن. ڕووناکبیرانی تووتی ئاسا، لە هەموو دەور و زەمانێکدا قسەیان چ باج و گومرکی لە سەر نەبووە و نییە. ئەوان لەبەردەم دەسەڵاتدا، دەستەی ئەشهەدوبیللائاسا، تەنێ بە گرێی ملدا دەدەن و، مەیموون ئاسا، دەسەڵات چۆنی بووێ، ئاوها بۆی هەڵدەپەڕن و کام خوان چەور و کام جێ بژێو بێت، ئەوان لەوێ قۆناغیان خستووە و دەخەن. من چەندە قسەکانی بارزانی و تاڵەبانیم پێ شەرمهێنەرە، دەهێندە هەڵوێستی فەرهەنگیی (ڕووناکبیر، ڕۆشنبیر) انی کوردم پێ شەرمهێنەرە و بەلای منەوە ڕووناکبیری ڕاستگۆ ئەوەیە، کە وشەیەکی ڕاست بە ڕووی دەسەڵاتداێکی ستەمکاردا دەدا "كلمة حق في وجه سلطان جائر". ئەگەرنا، کێ بێ حەز بە ئاشتیی نەکات! کێ بێ حەز نەکات

---

[7] ساڵی 1984، کاتی گفتۆگۆی نێوان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حوکوومەتی عیراق،کە چوار ساڵێک بوو لە سوێد بووم، لە ماڵێک لەگەڵ چەند دۆستێکدا ڕۆنیشتبووین، ڕۆژنامەنووسێکی سوێدییشی لێبوو. باس هاتە سەر بزاڤی کورد و جەلال تاڵەبانی، کابرا گوتی : "بەڕاستی زۆرم پێ سەیرە، تاڵەبانییەک بەو پاشخانەیەوە، کە ساڵانێکی زۆر لە خزمەتی حوکوومەتی عیراق و دژی بزاڤی چەکداریی کورد بووە، دوای ساڵی 1975 بێتەوە مەیدان و سەری بزاڤەکە. خەڵکی کورد چۆن دەتوانن، وەها کەسێک بە ڕێبەر و سەرۆکی خۆیان بزانن و شوێنی بکەون؟!".

**ئاسوودە و ئارام و دڵنیا، تەواوی کوردستان وڵاتی بێت و تەواوی کورد کەس و باوانی؟. من بۆیە ڕەخنە دەگرم، چاکترکردن و خۆشترکردنی وڵاتی کورد و ژیانی مرۆڤی کوردم گەرەکە، دەنا پەسندان و پیاهەڵدان و شاباشکردن، کارێکی گەلێک سەخت نییە، ئەگەر مرۆڤ وێژدان و بڕوا و ڕاستگۆیی خۆی نەکاتە دادوەر و دڵی بۆ خاک و مرۆڤ نەسووتێ.**

2002-10-17

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org